www.kurdistannet.org
24-10-2006 7:31بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

ڕاگەیاندن:-

سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالآن لە سوید و كۆڕێك لەسەر:

## كوشتنی ژنان به بیانوی ناموس پەرستی.. !!

لە ژێر ئەو ناونیشانەی لای سەرەوەدا و لە ڕۆژی 20 ئۆكتۆبەری 2006 دا، سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالآن لەشاری یاقلە لە سوید، هەستا بە سازدانی كۆڕێك بە زمانی سویدی لەسەر كوشتنی ژنان بە بیانوی ناموسپەرستییەوە، قسەكەری سەرەكی ئەم كۆڕە شاعیرو نوسەر، بەرپرسی ڕێكخراوی یەكەم منالآن لە سوید، وە وەرگری خەلآتی فۆندی فادیمە بۆ ساڵی 2006، بەڕێز سلێمانی قاسمسانی بوو، قاسمیانی لە قسەوباسەكانیدا بەڕاشكاوی تیشكی خستەسەر ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی ئەوەی كە پیاوان ئەو مافە بە خۆیان بدەن كە ژن یان كچانی خۆیان، تەنها لەسەر خۆشەویستی، یان هەڵبژاردنی هاوسەری خۆیان بە دڵخوازی خۆیان، وە لەسەر پراكتیزە كردنی سادەترین مافەكانی خۆیان بە بیانوی بەرگری لە شەرفی خێزان بكوژن و لە خوێن هەڵكێشن. ئەو ووتی مەزهەب، كۆنەپەرستی، دواكەوتوی و عەقڵیەتی پیاو سالاری سەرەكی ترین ئەو هۆكارانەن كە دەبنە هۆی ئەوەی كە پیاوان (باوك، برا یان مام و خاڵ و كەسوكاری نزیك) ڕێگە بە خۆیان بدەن دەستیان بچێتە خوێنی دۆستان و ئازیزانی خۆیان و بەو بیانوەوە بیانكوژن، بۆ ئەوەی ناوی لە خێڵ و خێزندا بۆ یەكجاری بكوژێننەوەو خۆیان بێبەری بكەن لە بوونی ئەو كچە یان ئەو ژنە لە خێزانی خۆیاندا.

شایانی باسە شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری منالآن لە سوید، هەستابوو بە ئامادە كردن و سازدانی ئەم كۆڕە، وە لە لایەن Lotta Lagnander وە كە بەرپرسی ڕێكخراوی كولتوری نێونەتەوەییە لە شاری یاقلە بەڕێوە چوو. پاش تەواو بوونی قسەكانی قاسمیانی، فیلمێكی دۆكیۆمێنتی لەسەر كوشتنی ژنان لە كوردستان، كە لە لایەن هەلآلە تاهیری یەكێك لە هەڵسوڕاوانی بواری مافەكانی ژنان لە سوید ئامادە كرابوو، نیشان درا. لەم فیلمەدا ژنانێك كە لە ژێر هەڕەشەی چەقۆی پیاوسالاری و كوشتندا بوون و لە لایەن ڕێكخراوەكانی یەكێتی ژنان و ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتانەوە لەو ساتەوەختەدا پەنا درابوون، باس لە بەسەرهات و كێشەكانی خۆیان دەكەن، وە چۆنێتی ڕووداوەكە دەگێڕنەوە.

قسەوباسەكانی قاسمیانی لەسەر كوشتنی ژنان، لە نێوان ئامادەبوواندا جەدەل و گفتوگۆی زۆری دروست كرد و لەم بارەوە قاسمیانی وەلآمی پرسیارەكانی ئامادبوانی دایەوە. جێگەی ئاماژە بۆ كردنە كە ئەوە بۆ چەندەمین جارە سەنتەری منالآن لە سوید - یاقلە، دەست بۆ كاری لەم شێوەیە دەبات، وەك یەكێك لەو ڕێكخراوانەی كە بە جدی لە پێناوی چارەسەری كێشەكانی ژنان و منالآن و بەرگری كردن لە مافەكانیان، لە كارو هەڵسوڕان و خەباتی بێووچاندایە. پێویستە ئەوەش بگوترێ كە تەنها لە ماوەی ساڵی 2006 دا سەنتەری منالآن لەسەر چەندین كێشەی زۆر جدی لە كۆمەڵگای سویدا كە ڕووبەڕووی منالآن و ژنان دەبێتەوە بە هۆی كولتوری كۆنەپەرستانەو هەڵگری ئەو پەیامە كۆیلایەتییەی كە بە شێك لە گەورەكان لەگەڵ خۆیاندا بۆ كۆمەڵگای سویدیان هێناوە و مێشكی ژنان و منالآنی پێ لە قاڵب دەدەن و ئازادییە كەسایەتی و فەردییەكانیان لێ زەوت دەكەن، كاری كردووە. وە لەم نێوەشدا سەنتەری منالآن و بەرپرسی سەنتەر لە سوید، پشتیوانی زۆری بەدەستهێناوەو كارەكانی سەنتەری منالآن هەمیشە لە لایەن بەشێك لە كۆمۆن و بەرپرسانی ترەوە بەگەرمی پێشوازی لێكراوە.

سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالآن – سوید
www. santarimnalan. com
Tel: 0046 73 57 15 449
E- post: santarimnalan@yahoo. com